# ئایینی دیجیتاڵی و مەترسییەکانی لەسەر شوناسی کورد

**هیوا مووسا ***
**(دەربەندیخان)**
**( ١- ٢ )**

**پوختە**

لەم ساڵانەی دوایی، لە ئاستی گوتاری گشتیدا بۆچوونێک هەیە کە تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵی، بەتایبەت سۆشیال میدیا بە قەبارەیەکی گەورە ئایینیان گۆڕیوە، ئیدی زانینی ڕێژەی ئەو گۆڕانکارییە کە ئایینی دیجیتاڵی لەڕێگەی سۆشیال میدیاوە کردوویەتی، لە ناو کولتوور و کۆمەڵگە و دواتریش لەناو شوناسی لاوان و گەنجاندا بووەتە جێگەی لێکۆڵینەوە لای سکولەران، ئەم پرۆسەیەش بە هۆی کاریگەریی میدیاوە لەناو کۆمەڵگەدا جێبەجێ کراوە، ئەوەی کە بە (پرۆسەی بە میدیاییکردنی کۆمەڵگە) ناو دەبرێت، واتە چۆن کۆمەڵگە و کولتوور ئاوێزانی میدیا دەکەیت.

کورد لە هەرێمی کوردستاندا لەم کاریگەرییە دوور نەبووە، بگرە بە قووڵییش کاریگەری ئایینی دیجیتاڵی لەسەر بیرکردنەوە و دنیابینین و شوناسی کوردی دەبینرێت، بە جۆرێک ئەو کۆڵەکە و پیرۆزیانەی کە شوناسی کوردی خۆی لەسەر ڕاگرتووە، ئەمڕۆ بە هۆی ئایینی دیجیتاڵییەوە کەوتووەتە بەردەم هەڕەشەیەکی مەترسیدار و لەرزینەوە، کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئایینی دیجیتاڵی چ لە ڕێگەی کارەکتەر و چ لە ڕێگەی گوتارەکەیەوە لەناو ئەم شوناسەدا سەرقاڵی گۆڕانکاریی ڕیشەییە، بە جۆرێک ئەم شوناسە ئەگەر ڕۆژگارێک کولتووری یەکتر قبووڵکردن و پێکەوەژیانی بە بنەما گرتبێت، ئەوە ئەمڕۆ هەندێک ئاماژە لێرە و لەوێ هەیە کە شوناسی کوردی لەڕێگەی ئایینی دیجیتاڵییەوە بەرەو ئەو جێگەیە دەبرێت کە دژ بە کولتووری یەکتر قبووڵکردن بوەستێتەوە.

لە ئەمڕۆی کوردستاندا ئایینی دیجیتاڵی دژ بە نەتەوە و ڕەمز و کۆدەکانی نەتەوە گوتاری خۆی باڵا کردووە، بەجۆرێک لەژێر گوتاری ئایینی دیجیتاڵیدا زمان و جلوبەرگ و بۆنە نەتەوەییەکانی کورد بە کوفر و بێ مۆڕالی و کولتووری بێ ئایینەکان ڕووپۆش دەکرێن. لە بەرانبەریشیدا زمان و فەرهەنگ و کولتووری نەتەوە موسوڵمانەکانی دی، لەوانە تورک و فارس و عەرەب جوانتر دەکرێت.

لەم ڕووەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات لە

مەترسییەکانی ئایینی دیجیتاڵی لەسەر شوناسی کوردی بدوێت، دەیەوێ بەئاگامان بهێنێتەوە کە ئایین لە ئەمڕۆی سۆشیال میدیادا خاوەن گوتاری زاڵ و کاریگەرە لە کوردستان، بە جۆرێک نەک تەنیا لە ئاستی سیاسیدا، بەڵکوو لە ئاستی کولتووری و شوناسیشدا توانیویەتی بچێتە قووڵایی شوناسەوە و شوناسی ئێمە دەستکاری بکات.

ئەم توێژینەوەیە بەپشت بەستن بە میتۆدی شیکاری، دەیەوێت ئایینی دیجیتاڵی بناسێنێت و کاریگەرییەکانی لەسەر شوناسی کوردی بخاتە ڕوو، هەروەها لە ڕێگەی میتۆدی مێژوویی و بەراوردکارییەوە، مێژووی سەرهەڵدانی ئەم گوتارە دەخاتە بەرچاو، دواتر گوتاری ئایینی دیجیتاڵی و ئایینی ترادیسۆن بەراورد دەکات، دواتریش کاریگەرییان لەسەر شوناسی کوردی دەخاتە ڕوو.

وشە سەرەکییەکان؛ ئایینی دیجیتاڵی، شوناس، کولتوور، سۆشیال میدیا، ئایینی ترادیسۆنی.

**ناساندن**

بەکارهێنانی سۆشیال میدیا بەو ڕێژە فراوانەی لەلایەن خەڵکەوە دەبینرێ، تێگەیشتنمان فراوان دەکات بۆ ئەوەی لەوە تێبگەین کە سۆشیال میدیا چ پێوەندییەکی بە ژیان و بیرکردنەوەی تاکەکانەوە هەیە. چۆن کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوە و دنیابینینیان دادەنێت و ئاراستەیان دەکات. لەم بارەوە چین باوەڕی وایە ئەمڕۆ گەنجان بیروباوەڕ و ڕوانینە ئایینییەکانیان لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە دەست دەکەوێت.

بەپێی توژینەوەیەک لەسەدا ٢٠ی مێردمنداڵانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە باوەڕە ئایینییەکانی خۆیان بڵاو دەکەنەوە و لەگەڵ ئەوانی تردا بەشداری پێ دەکەن. ئەم توێژینەوە و داتایانە هاوکارمان دەبن بۆ ئەوەی لەو پێوەندییە تێ بگەین کە لە نێوان ئایین و سۆشیال میدیادا هەیە، بەتایبەت لەو ڕووەوە کە ئێمە وەک کورد هێشتا بەڕادەی پێویست زانیاریمان نییە لەسەر ئەوەی کە چۆن ئایین ڕەنگرێژ پێوەندییە مۆڕالی و ئیمانی و کولتوورییەکانی ئێمە لەناو کۆمەڵگەدا ڕەنگرێژ دەکات، یان تێبگەین لەوەی کە چۆن دەکرێ تەکنۆلۆجیای دیجیتاڵ، ڕوانین و باوەڕی کەمینە و گرووپێکی ئایینی کۆمەڵگە بۆ خۆی مۆبیلیزە بکات و بیروباوەڕی کۆمەڵگەش بەو جۆرە ئاراستە بکات کە خۆی دەیەوێ و باوەڕی پێی هەیە.

لێرەدا ئەو ئەگەرە ڕێی تێدەچێت کە سۆشیال میدیا ئەڵتەرناتیڤی دی بۆ ئەو باوەڕە گشتی و باوە بخاتەڕوو کە لەناو کۆمەڵگەدا هەیە و بووەتە بەشێک لە شوناسی کۆمەڵگە، کەواتە سۆشیال میدیا دەتوانێت شوناسە گشتییەکەی کۆمەڵگە دەستکاری بکات و درز بخاتە ناوییەوە و لە ڕێگەی کارەکتەر و بەرنامەکانییەوە ئەو درزانە گەورە بکات، تا جێگەی شوناسی خۆی لەناو ئەو درزانەدا بکاتەوە، بەتایبەت لە ڕۆژگارێکدا وەک ئەوەی زیگمۆند باومان بە (مۆدێرنیتەی شل) ناوی دەبات، ڕۆژگارێک کە کۆی ڕژێمی سیاسی و پەیکەربەندیی کۆمەڵایەتی، هەتا بە پێوەندی و عیشق و ناسنامەشەوە لە دۆخی شلدایە، دۆخێک کە زوو دەگۆڕێت و قاڵبی تر وەردەگرێت و بەردەوام لە گۆڕانکاریدایە، بۆیە ناتوانێت لە جێگەیەکدا ئارام بێت و بوەستێت. (Bauman, Z. (2013).

ئەمڕۆ کوردستان وەک بەشێک لە جیهان کەوتووەتە ناو ئەم دۆخە شلەوە، درزەکان دەمێکە لەناو جەستەی ناسنامەی ئێمەدا دروست بوون، شوناسی ئێمە لە هەیەجانێکی توندایە، بەردەوام دەکولێت، ناسەقامگیرییەکی زۆری پێوە دیارە، وەک جەستەیەک لە چوار لاوە ڕادەکێشرێت، سەرنجەکان بۆ ئەوە دەڕۆن کە ناسنامەی کوردی ڕۆژ لە دوای

ڕۆژ لە خۆی دوور دەخرێتەوە، بەجۆرێک ئەمڕۆ بە ئاسانی شوناسی ئایینی دیجیتاڵی لەناو کۆمەڵگەدا بەدی دەکرێ و خەریکە جێگە بە شوناسە گشتییە نەریتییەکەی کۆمەڵگە لەق دەکات و خۆی دەکاتە ئەلتەرناتیڤی ئەو شوناسە.

لەم ڕووەوە ئەم توێژینەوەیە لە دوو چاپتەردا لێکۆڵینەوە لەو مەترسییە دەکات کە بە هۆی ئایینی دیجیتاڵییەوە شوناسی ئێمەی کورد ڕووبەڕووی بووەتەوە، ئەم توێژینەوەیە لە دوو چاپتەر و دەرئەنجامێک و ڕاسپاردە پێکهاتووە، بە جۆرێک لە چاپتەری یەکەمدا باس لە ناسنامە، لە پێوەندی نێوان ئایین و ناسنامە، دواتر پرۆسەی بە میدیاییکردن و دەرکەوتەکانی ئایینی دیجیتاڵی دەکات، لە چاپتەری دووەمیشدا ئایینی دیجیتاڵی، چ وەک مانا و چەمک و مێژووی سەرهەڵدانی ڕوون دەکرێتەوە، دواتر هەر لەم چاپتەرەدا بە گشتی باس لە چەمکی (بێ ماڵی)ی دەکەین کە دواتر پێوەندی کورد لە تاراوگە بەم چەمکەوە شی دەکەینەوە، کاریگەریی بێ ماڵیی لە تاراوگە وەک هۆکارێک بۆ باوەشکردنەوە بە فیگەر و ئەکتەرەکانی ناو ئایینی دیجیتاڵی باس دەکەین، هەروەها کاریگەریی خراپی ئایینی دیجیتاڵی لەسەر ناسنامەی کوردی لە تاراوگە ڕوون دەکەینەوە. لەبەشی کۆتایی ئەم توێژینەوەیەشدا دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان، لەگەڵ ئەو سەرچاوانە دەخرێنەڕوو کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوون.

## چاپتەری یەکەم
## ناسنامە

وەک کالهولن ئاماژەی پێ دەدات، کە ئێمە بەبێ ناو ئەویتر ناناسین، یان وەک چۆن بەبێ زمان و کولتوور ناتوانین شێواز و دیاردەکانی خۆمان لەگەڵ ئەوی تردا بناسینەوە. لێرەوە ناسینەوەی خۆت و جوداکردنەوەی خۆت لە ئەویتر دەبێتە هەڵگرتنی یەکەم هەنگاوی تۆ بۆ دروستبوونی ناسنامە، (ئیدی ناسنامە پێویستە لە ڕووی نەریتی و سۆسیۆلۆجییەوە لە ئەوانیتر جیابکرێتەوە، ناسنامە لێرەدا دەکاتە سەرچاوەی مانا بۆ ئەکتەرەکانی، بەڵام نابێت لەبیرمان بچێت مەبەست لە ناسنامە و باسکردنی ڕۆڵی ئەکتەرەکان لەناو کۆمەڵگەیەکدا نییە، وەک ڕۆڵی مامۆستا و فەرمانبەر و پۆلیس و تاد...، بەڵکوو ناسنامە لە ڕۆڵ بەهێزترە، ناسنامە مانا ڕێک دەخات، بەڵام ڕۆڵ وەزیفە ڕێک دەخات، لەگەڵ ئەوەشدا دروستکردنی ناسنامە پێویستی بە کەرەستەی بنیادنان لە بوارەکانی مێژوو، جوگرافی، بایۆلۆجیدا هەیە. لە بەرهەمهێنان و بەرهەم-هێنانەوەی دامەزراوەکان، لە یادگاری پێکەوەیی، لە خەیاڵی کەسی، لە هێز و هۆکارەکانی دەرکەوتنی ئایینی) (Castells, M. 2011, p.7).

## پێوەندی نێوان ئایین و ناسنامە

ئایین لەبارەی بەها کۆمەڵایەتییەکان، پێوەندییەکانەوە ڕوانینمان پێ دەبەخشێت، ئەگەرچی زۆرجار ڕۆڵە بێ هاوتاکەی ئایین و ڕوحانیەت لە پێوەندی بە ناسنامەوە فەرامۆش و پشتگوێ خراوە، چ وەک هاوکاری، چ وەک کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم دروستکردنی ناسنامەدا. پێمان خۆش بێت، یان نا، ئایین بە ناچاری لە کۆمەڵگە سونەتییەکاندا بەهاو کۆدە مۆڕاڵییەکان پێشکەش بە گەنجان دەکات، ئەوانیش سیستمی باوەڕە شەخسییەکانی خۆیانی تێدا بنیاد دەنێن و دروست دەکەن، کە ئەمەش بۆ ناسنامەیان گرنگە (Damon, 1983). لێرەوە پێوەندی نێوان ئایین و ناسنامە دەردەکەوێت، وەک ئێرکسن دەڵێت کە ئایین کۆنترین و درێژترین دامەزراوەیە، کە

ژینگەیەکی لەبارت بۆ دروست دەکات، دواتر لە دروستکردنی ناسنامەدا لە ڕابوردوودا هاوکار دەبن (Rogers, L. O. (2018، بگرە هەتا ئێستاش دوو ڕوانین لەسەر ڕۆڵ و پێوەندی ئایین بە ناسنامەوە هەبوو، یەکەمیان باوەڕی وابوو کە ئایین وەک ئامرازێک ڕۆڵی لە قوڵبوونەوەی ڕوانینمان لە دروستبوونی شوناسدا هەیە. ئەوی دیکەیان ئایین وەک ڕێگرییەک لەبەردەم دروستبوونی ناسنامەدا دەبینێت (King, 2003)، وەک ئەوەی (دۆرکایم)یش دووپاتی دەکاتەوە کە ئایین پێوەندی بە دروستکردنی ناسنامەوە هەیە. دۆرکایم لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە دەڕوانێتە ئایین، ئەو باوەڕی وایە کە ئایین سیستمێکی جیهانی باوەڕ و جێبەجێکردنە، کە پێوەندی بە شتە پیرۆزەکانەوە هەیە.

لەم نێوەندەدا مرۆڤ خاوەن ڕەمز و ئامانجێکی پیرۆزە لە پێناو بوونێکی باڵادا کە ویستی هاوکاری هەیە. لەلای (کانت)یش ئایین لەناو کۆنتێکست و ڕەهەندێکی ڕوحانیدایە، بە جۆرێک چەمکاندنی کانت بۆ ئایین زیاتر خۆی لە پەیڕەوکردن و گوێڕایەڵی مرۆڤدا دەبینێتەوە بۆ ئەو ئامۆژگاری و ڕاسپاردانەی کە لە ئاسمانەوە لەلایەن هێزێکی باڵاوە دەگاتە لای.

لەم بارەیەوە هاموند بە پشت بەستن بە ڕوانینی دۆرکایم باوەڕی وایە کە ئایین ڕەوشێکی کۆمەڵایەتی وەرگیراوە، کە ژینگەیەکی لە بار و گونجاو بۆ قبووڵکردنی بی قەیدوشەرتی ڕێگەی ژیان دروست دەکات، وەک ئەوەی ئەندامی گرووپێک بن، (Hammond, 1988)، بۆ نموونە وەک بەشداریکردن لە نەریتەکان، ئاهەنگەکان و سیستمی باوەڕ و ڕەفتاریان. ئەم گوزارشتکردنە لە خۆت و بیروباوەڕت وادەکات ئایین ببێتە بەشێکی گرنگ لە دروستکردنی سیستم و بنیادی ناسنامە.

لەم بارەوە مۆل باوەڕی وایە کە چەمکی ناسنامە لە زانستە مرۆڤایەتییەکاندا، بۆ دوو مەبەست بەکار هاتووە، یەکەم ئەم چەمکە زیاتر مامەڵە لەگەڵ جیڕی دەکات، واتە لانیکەم گۆڕینێکی هێواش و لەسەرخۆیە و مانیفستۆی هەموو بەرپرسیاریەتی تاک دەکات، مەبەستی دووەم ئەوەیە کە ناسنامە مامەڵە لەگەڵ خۆگونجاندن و گواستنەوە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ ئەویتر دەکات، بەجۆرێک کە شوناسێکی ترت دەداتێ جیاوازە لەوەی کە پێشتر هەڵتگرت بوو. لێرەوە ئایین ڕۆڵ و کاریگەرییەکەی لە گۆڕین و ئاراستەکردنی ناسنامەی تاک و گرووپەکاندا دەردەکەوێت.

وەک دەبینین پێوەندی نێوان ناسنامە و ئایین لەناو زۆر لە گرووپە-ئیتنیکەکاندا بەیەکداچووە، بۆ نموونە سمس باس لەوە دەکات کە ئایینی گرووپە کۆچەرەکان لە ئەمریکا نەک تەنیا لە وڵاتەکەیانەوە داڕێژراوە و وەرگیراوە و هەڵیانگرتووە، بەڵکوو ئایین بۆخۆی لەناو ئەواندا ڕۆڵێکی دینامیکی لە دیمەنی ئیتنیکی ئەواندا دەگیرێت وەک کۆچەرێک کە کۆمەڵگەیەکیان لە ئەمریکا دروست کردووە (Smith, T.L. (1978)، هەروەها ئەبرامسۆن باوەڕی وایە کە ئایین یەکسانە بە ڕەگەزی/ نەتەوەیی، بەڵام ئەمە بۆ هەموو گرووپێکی ڕەگەزی دروست نییە، بەڵام گرووپەکان وەک ئامیش، مۆرمۆنەکان، هوتەرییەکان، جووەکان کە هەموویان کەوتوونەتە ژێر یەک جۆر لە پێوەندی ڕاستەوخۆی نێوان ئایین و ڕەگەز، ئەڵبەت ئەمە بۆ فارسەکانیش دروستە، لەو ڕووەوە کە فارسەکان توانیویانە لە ڕێگەی مەزهەبی شیعەوە شوناسی ئیتنیکی نەتەوەی خۆیان بپارێزن و بەردەوامی پێ بدەن. Abramson, H. (1973)

## پرۆسەی بە میدیاییکردنی کۆمەڵگە و دەرکەوتەکانی ئایینی دیجیتاڵی

میدیاییکـردن نـەک تەنیـا لێکۆڵینـەوە لـە پێوەندییەکانی نێوان میدیا و کۆمەڵگە دەکات، بەڵکوو لەهەمـان کاتـدا لـە تێگەشـتن لـە کاریگەرییەکانی ئایین لەسـەر گۆڕانکارییـە کولتـووری، کۆمەڵایەتییـەکان هاوکارمـان دەبێـت، نموونـەی دەرکەوتنـی هەندێـک سـرووت و ئەکتـی ئایینـی کـە پێشـتر نەتبینیـوە و بـە کولتـوور و شوناسـەکەت نامـۆ بـووە، ئەمانـەش هەمـووی لـە ڕێگـەی دیجیتـاڵ میدیاوەیـە.

ئەگـەر تەماشـایەکی کوردسـتان بکەیـن ئـەم دەرکەوتـە نوێیانـەی ئاییـن بـە ئاسـانی دەبینیـن، لەوانـە نوێـژی بـە کۆمەڵـی سـەرجادە کـە سـرووت و ڕیچواڵێکـی نـوێ بـوو لـە ئاییـن کـە پێشـتر کۆمەڵگـەی کـوردی پێـی نامـۆ بـوو، دواتـر لـە سـەرهەڵدانەکانی بەهـاری عەرەبییـەوە، لـە ڕێگـەی سۆشـیال میدیـاوە بـۆ نـاو کۆمەڵگـەی ئێمـە گوێزرایـەوە، یـان دابەشـکردنی قورئـان، حیجـاب لەنـاو زانکـۆ و پەیمانگەکانـی ئێمـە، ئەنجامدانـی نوێـژی جەماعـەت بـە قوتابـی و خوێنـدکاران لەنـاو قوتابخانەکانـدا، سـازدانی فیسـتیڤاڵی باڵاپۆشـی و هێنانـی پـارت و گرووپـە ئیسـلامییەکانی دەرەوە، لەگەڵیشـیاندا میدیایـەک دەخرێتـە پشـت ئـەم چالاکییانـەوە شـەرعییەت بـە ڕەسـەنایەتی و کوردبوونـی ئـەم نەریتانـە دەدرێـت، ئەگەرچـی بـە شـوناس و کولتووره ئیسـلامییەکەی ئێمه نامۆشن، بـۆ نموونـە بـەڕای ئەمینـداری گشـتیی یەکگرتـوو لـە وەڵامـی ڕەخنەگرتـن لـە فیسـتیڤاڵی باڵاپۆشـیدا دەڵێـت (پیرۆزتـان بێـت جلوبەرگـی ڕەسـەنی کوردایەتـی موسـوڵمان)، ئەمـە لـە کاتێکـدا ئـەو جلوبەرگـەی کـە لـە تاجـی زێڕیـن بـەکار دێـت، مۆدێلـی ژنانـی ئێخوانـە لـە ناوچەکـەدا، ئەمانـە و چەنـدان سـرووت و ئەکتـی ئایینیـی تـر کـە سۆشـیال میدیـا لەلایـەک هێناویەتـی، لەلایەکـی دی خۆشـی دەیـکات بەمـۆدە و ئـارام ئـارام کاریان لەسـەر دەکات، بـۆ ئـەوەی ببـن بـە بەشـێک لـە شوناسـی مرۆڤـی موسـوڵمانی کـورد و بچنـە نـاو ناسـنامە ئیسـلامییەکەی ئێمـەوە، لـە کاتێکدا وەک ڕوونمـان کـردەوە، کـۆی ئـەم ئەکتـە ئایینییانـە بـە ناسـنامە ئیسـلامە کوردییەکـەی ئێمـە ناموبـوون.

ئـەو کارکردنـەی ئاییـن لـە نـاو دیجیتاڵـدا ئەگەر بە فۆرمـی ئایینـداری لـە کوردسـتاندا بـەراوردی بکەیـن، دەبینیـن وەک فۆرمێکـی جیـاواز خـۆی دەرخسـتووە و وەک جۆرێـک لـە ئیسـلامی توند پێشـان دەدرێت، کـە ئەمـڕۆ لـە کۆمەڵگـەی ئێمـەدا بـە شـێوەیەکی فـراوان ئامادەیـی هەیـە، ئـەوە ئیسـلامێکە لە ئاسـتی ڕێکخـراودا دەکاتـە: گرووپەکانـی ئیسـلامی سیاسـی و سـەلەفی، چـون ئیسـلامە نادیجیتاڵییەکـە ئـەو فۆرمەیـە لـە ئیسـلام کـە لـە خانەقـا و تەکییەکانـدا بـەو ڕادەیـە نەهاتووەتـە دەرەوە، کاتیکیـش کـە دێتـە دەرەوە و دەکەوێتـە سـەر سۆشـیال میدیـا زیاتـر لـە ڕێگـەی گۆرانـی و زیکـر و موناجاتـەوە دێـت، کەمتـر قسـەی لەسـەر ئاییـن هەیـە، کاتێـک دەیانـەوێ بدوێـن، بێدەنـگ دەبـن و دەچنـەوە نـاو خۆیـان، لەبـەر ئـەوە کەمتریـن وتاریـان بـۆ مۆبیلیزەکـردن/ کۆکردنـەوەی کۆمەڵگـە هەیـە، هیچ فۆرمێکـی نـوێ لـە ئایینـداری ناهێنـن لەگـەڵ خۆیـان کـە بکەوێتـە ململانـێ لەگـەڵ شوناسـی کوردیـدا و مەترسـییان بـۆ سـەر ناسـنامە کوردییەکـە نییـە. دەسـتیان بـەو فۆرمـە ئایینداریيـە ترادسـیۆنییەوە گرتـووە، کـە هـەزاران سـاڵە لەنـاو کۆمەڵگـەی کوردیـدا ئامادەیـی هەیـە.

هوڤیـم بـاوەڕی وایـە کـە (شوناسـی ئایینـی ئۆنلایـن، جیـاوازی نییـە و بەتەواوەتـی بـێ پێوەنـدی و لـە شوناسـی ئایینـی ڕۆژانـەی خەڵـک دابـڕاو نییـە). ئـەوەی هوڤیـم باسـی دەکات بەشـێکی زۆری

حەقیقەتـە، واتـە ئـەو فۆرمـە لـە ئاییـن کـە لـە سۆشـیال میدیـادا دەخرێتـە ڕوو، ئەگـەر بـۆ ڕۆژانێـک ئایینیکـی نامـۆ بووبێـت، ئـەوە ئەمـڕۆ چیـدی نامـۆ نییـە، ڕۆژانـە بـەرەو ئـەوە دەڕوات کـە ببێتـە ئایینـی کۆمەڵـگـە و کۆمەڵـگـە بـە ئاسـانی قبووڵـی بـکات.

بـۆ سـەلماندنی ئـەم بۆچوونـەی هوڤیـم ئەگـەر چاوێـک بـە سۆشـیال میدیـای کوردیـدا بخشـێنین دەبینیـن پێوەنـدی و لەیەکچوونێـک لەنێـوان ئایینـی دیجیتاڵـی و بـاوەڕی خەڵکـدا هەیـە، بـە جۆرێـک ئـەو وتـارەی کـە ئایینـی دیجیتاڵـی دەیخاتـەڕوو، لەهەمان کاتیشـدا لـە ئاسـتی کولتـووری و ناسنامەدا، ئێمـە نوێنـەر و جێبەجێکردنـی ئەم گوتـارە دەبینین، وەک ئـەوەی دۆرکایـم ئامـاژەی پـێ دەکات کـە (پراکتیکە ئایینییـە دەسـتەجەمعییەکان بیروبـاوەڕی گەنجەکان ئاراسـتە دەکـەن) (Kinnvall, C. (2004, p.7).

ئەمـڕۆ گوتـاری ئایینـی دیجیتاڵـی تەنیـا لـە ئاسـتی گرووپـدا نەماوەتـەوە، بەڵکـوو خەریکـە بـەرەو ئایین و باوەڕێکـی گشـتی دەڕوات، ئەمـەش وادەکات کـە دیجیتـاڵ میدیـا پێوەندییەکانـی مـرۆڤ بـە ئایینـەوە بگۆڕێـت، بـە جۆرێـک کاریگـەری لەسـەر گەنجـان دابنێـت کـە سـەرلەنوێ ناسـنامە ئایینییەکـەی خۆیـان دابڕێژنـەوە، بـەو شـێوازەی کە لـە سۆشـیال میدیـاوە وەریـان گرتـووە، وەک ئـەوەی یۆرکشـمایەر ئاگادارمـان دەکاتـەوە لەوەی ململانێکانـی مۆدێرنیتە و جیهانگیـری بەیەکـەوە دەرفەتێکـی ناوازەیـان بـۆ بڵاوبوونـەوەی ئاییـن ڕەخسـاندووە، بـەو ڕادەیـەی کـە جێگـەی متمانـە و ئومێـد و بـاوەڕی خەڵـک بێـت و لـەو ڕێگەیـەوە لەنـاو کۆمەڵـگـەدا پێـڕەو بکرێـت. بـۆ نموونـە ئەگـەر تەماشـای دیـاردەی پۆشـینی نیقـاب بکەیـن، دەبینیـن ئەمـڕۆ لـەوە دەرچـووە کـە پۆشـاکی تەنیـا سـەلەفییەکان بێـت، بەڵکـوو خەریکـە دەبێتـە مـۆدە و ئـەو کچانـەش دەیپۆشـن، کـە هیـچ پێوەنـدی و زانیارییەکیـان لەسـەر سـەلەفییەت نییـە، وەک مۆدێـک دەیپۆشـن.

دیـاردەی داگیرکردنـی یاریگـەکان بـۆ پێشـبڕکێی حەدیـس لەبەرکـردن تەنیـا ئەندامانـی پارتـە ئیسـلامییەکان نیـن، بەڵکـوو خەڵکانـی ئاسـایی، کـە خـاوەن ئایینـداری ئاسـایی و نەریتیـن، ئەوانیـش دەچنـە نـاو ئـەو گردبوونـەوە و چالاکییانـەوە (Kin-nvall, C. 2004).

ئیـدی ئـا لێـرەوە سۆشـیال میدیـا ئـەو چانسـە بە تاکەکان دەبەخشـێت، کـە وەک گرووپێـک کۆببنەوە و ڕۆڵـی خۆیـان لەنـاو بواری گشـتیدا بگێـڕن، بواری گشـتی وەک ئـەوەی ئارێنێـت دەڵێـت (ئـەو جێگەیـە کـە تاکـەکان دەتوانـن یەکتـر ببینـن و ئایدیاکانیـان لەگـەڵ یەکـدا بگۆڕنـەوە و وزە بـە گۆڕینـی سیاسـیش بـدەن)، بـەڵام پرسـە سـەرەکییەکە ئەوەیـە کـە ئایینـی دیجیتاڵـی تەنیـا بـە داگیرکردنی پانتایـی سۆشـیال میدیـا ڕازی نابێـت، بەڵکـوو ئـەو چەمکێکـی هەژموونـی و داگیـرکارە وەک ئـەوەی گرامشـی دەڵێـت، (کـە هەژموونگەرایـی ئەوەیـە دەیـەوێ سـنووری ئەوانیتریـش داگیربـکات) ، ئـا لێـرەوە مەترسـییەکانی ئایینـی دیجیتاڵـی ئەوەیـە کـە هەڵگـری ئەخلاقێکـی هەژموونییـە و دەیـەوێ بـواری گشـتی داگیربـکات، ئـەو تەنیـا بـەوە ڕازی نابێـت کـە لـە مزگـەوت و ناوەنـدە ئایینییەکانـدا بانگـەوازی خـۆی بـکات، بەڵکـوو لەهەمـان کاتـدا شـەقام و یاریگـەکان داگیـر دەکات و دەیـکات بـە جێگـەی نوێـژ و چالاکییـە ئایینییـەکان. دەیـەوێ خوێندنگەکانیـش کـە دەرهاویشـتەی دنیـای نوێـن و جێگـەی مزگەوتیـان گرتووەتـەوە، ئەوانیـش بکاتـەوە بـە مزگـەوت و پڕیـان بـکات لـە وانـە و چالاکـی ئایینـی.

* خوێندکاری دوکتۆرا لە ئیسپانیا.